# سەرۆك كۆمار ئامادەی قەداسەکی جەژنی قیامە بوو



سەرۆك كۆمار د.لەتیف جەمال رەشید ئەمڕۆ یەکشەممە 31-3-2024 لە بەغداد ئامادەی قەداسەکی تایبەت بە جەژنی پیرۆزی قیامە بوو، کە کاتدرائیەی قەدیس یوسف رێکیخستبو.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک کۆمار رایگەیاند لەو رێوڕەسمەدا، سەرۆك کۆمار پیرۆزبایی جەژنی قیامەی لە مەسیحییەکان کرد و ئومێدی ئاشتی و چاکە و خۆشەویستی بۆ خواستن.

هەروەها سەرۆك کۆمار دوپاتیکردەوە، گەلی عێراق بەهۆی رژێمی تۆتالیتاری و تاقمی تیرۆریستی و تاوانەوە، بە هەلومەرجی سەختدا تێپەڕیون. هەربۆیە داوای یەکگرتوویی نیشتمانی و یەکێتی گەلی کرد لەسەر بنەمای بەهاکانی خۆشەویستی و دادپەروەری و یەکسانی.

